السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# ئەی خەڵکینە، هیچ شتێکی موژدەدەر نەماوە لە پێغەمبەرایەتی مەگەر خەونی چاک نەبێت، مسوڵمان دەیبینێت، یان بۆی دەبینرێت، من نەهیم لێکراوە لەوەی قورئان بخوێنم لە کاتی ڕکوع بردن یان سوجدە بردندا

لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- پەردەکەی (ماڵیانی) لادا وخەڵکی ڕیزیان بەستبوو لە پشتی ئەبوبەکرەوە، فەرمووی: «ئەی خەڵکینە، هیچ شتێکی موژدەدەر نەماوە لە پێغەمبەرایەتی مەگەر خەونی چاک نەبێت، مسوڵمان دەیبینێت، یان بۆی دەبینرێت، من نەهیم لێکراوە لەوەی قورئان بخوێنم لە کاتی ڕکوع بردن یان سوجدە بردندا، لە ڕکوع بردندا پەروەردگار -عز وجل- بەمەزن دابنێن، ولە سوجدە برندا کۆشش بکەن لە نزا کردن چونکە گونجاو وشایستەیە نزاکانتان وەڵامبدرێتەوە».

[صەحیحە] [موسلیم گێراویەتیەوە]

پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- ئەو پەردەیەی بەرزکردەوە کە دەرگای ماڵەکەی داپۆشیبوو وبینی خەڵکی لە پشت ئەبوبەکرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- بە ڕیز وەستاون بۆ ئەنجامدانی نوێژی جەماعەت -نوێژی بە کۆمەڵ-، بەهۆی نەخۆشییەوە نەیتوانی پێشنوێژییان بۆ بکات وفەرمانی بە ئەبو بەکر کرد لە جیاتی ئەو پێشنوێژییان بۆ بکات. فەرمووی: (ئەی خەڵکینە، هیچ شتێکی موژدەدەر نەماوە لە پێغەمبەرایەتی مەگەر خەونی چاک نەبێت): دوای مردنی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- وپچڕانی وەحی -سروش- تەنها خەونی چاک وباش ماوە کە بە پێی ئەو ڕووداوانەیە لە ڕاستیدا ڕوودەدەن -بە پێی واقیعە-، ئیمانداران ئەو جۆرە خەونە چاکانە دەبینن دەبێتە هۆی موژدە بۆیان ودڵیان پێی خۆش دەبێت وزیاتر جێگریان دەکات، بۆیە دەفەرموێت: ئەم جۆرە خەونە لە پێغەمبەرایەتیەوە چونکە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- لە سەرەتای پێغەمبەرایەتیدا خەونی دەبینی ڕووی دەدا وەکو ڕوونی ڕۆژی ڕووناک، بۆیە بەشێکە لە پێغەمبەرایەتی ئەو -صلی الله علیه وسلم-. وکاتێک دەفەرموێت: (هیچ شتێکی موژدەدەر نەماوە): لێرەدا مەبەست لە زۆرینەیە چونکە هەندێک جار خەون ئاگادار کردنەوەیە لە خوای گەورەوە بۆ بەندە وڕاستە، وخوای گەورە پیشانی بەندەی دەدا چونکە ڕەحم وبەزەیی پێدا دێتەوە بۆئەوەی ئامادە بێت بۆ ئەو شتەی ڕوودەدات پێش ئەوەی ڕووبدات ئاگاداری دەکاتەوە. بۆیە خەونی چاک یان موژدەیە بۆ ئیماندار یان ئاگادارکردنەوەیە بەهۆی بێئاگایی بوونی. کاتێک دەفەرموێت: (مسوڵمان دەیبینێت، یان بۆی دەبینرێت): واتا مسوڵمانەکە خۆی ئەو خەونە ببینێت یان کەسێکی تر لە خەوندا سەبارەت بە ئەو مسوڵمانە ئەو خەونە چاکە ببینێت. (من نەهیم لێکراوە لەوەی قورئان بخوێنم لە کاتی ڕکوع بردن یان سوجدە بردندا): خوای گەورە نەهی کردووە لەسەر پێغەمبەرەکەی -صلی الله علیه وسلم- لە کاتی ڕکوع وسوجدە بردندا قورئان بخوێنێت، ئەوەی نەهی لێکردووە بنچینە ئەوەیە ئومەتیش شوێنی بکەون لەو نەهی کردنەدا مەگەر بە بەڵگەیەکی تایبەت نەبێت، ئەمە ئەگەر مەبەستی قورئان خوێندن بێت لە ڕکوع یان سوجدە بردندا، بەڵام ئەگەر مەبەستی نزا کردن بێت بە خوێندنەوەی ئەو ئایەتانەی کە نزای تێدایە ئەوا ئاساییە ودروستە، هەروەکو لە فەرموودەدا هاتووە: [إنَّما الأعْمالُ بالنِّيّاتِ، وإنَّما لِكُلِّ امرِئٍ ما نَوَى] واتە: [کردەوەکان بە پێی نیەتەکانە -بە پێی مەبەست ونیەتەکان حوکم وبڕیاریان لەسەر دەدرێت، وهەرکەسێک بە پێی نیەتەکەی پاداشت دەدرێتەوە]، وحیکمەت لەم نەهی کردنە -والله اعلم:خودا زاناترە- ئەوەیە ڕکوع وسوجدە بردن ئەوپەڕی حاڵەتی زەلیلی وملکەچ بوونن بۆ خوای گەورە، بۆیە گونجاو نییە لەو حاڵەتانەدا مرۆڤ قورئان بخوێنێت. وکاتێک دەفەرموێت: (لە ڕکوع بردندا پەروەردگار -عز وجل- بەمەزن دابنێن): واتا بڵێن: [سبحان ربي العظيم] واتە: [پاک وبێگەردە پەروەردگاری مەزن]، وهاوشێوەی ئەمانە لە زیکرەکانی تەسبیح کردن و بەمەزندانانی خوای گەورە کە هاتوون لە سونەتدا. (ولە سوجدە

برندا کۆشش بکەن لە نزا کردن چونکە گونجاو وشایستەیە نزاکانتان وەڵامبدرێتەوە): واتا پێویستە نوێژخوێن لە حاڵەتی سوجدە بردندا زۆر نزا بکات؛ چونکە ئەو شوێنەیە کە نزا تێیدا وەڵام دەدرێتەوە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: [أقرب ما يكون العَبد من ربِّه وهو ساجد فأكثروا الدعاء] -رواه مسلم- واتە: [نزیکترین شوێن وحاڵەتی بەندە لە پەروەردگارییەوە لە کاتی سوجدە برندایە؛ بۆیە زۆر نزای تێدا بکەن]، وئەم نزایانە پاش ووتنی زیکری: [سبحان ربي الأعلى] واتە: [پاک وبێگەردە پەروەردگاری بەرز وبڵند]؛ چونکە ئەم زیکرە واجبە بووترێت. کاتێک دەفەرموێت: (چونکە گونجاو وشایستەیە نزاکانتان وەڵامبدرێتەوە): واتا شایستەیە وەڵامبدرێنەوە چونکە؛ نزیکترین شوێن وحاڵەتی بەندەیە لە پەروەردگار هەروەکو لە فەرموودەکەدا باسکرا، وسونەتە نزاکان تێیدا درێژ بکرێتە ونزای زۆر بووترێت، ئەگەر مرۆڤ بە تەنها نوێژی کرد یان لەگەڵ کۆمەڵێک نوێژی کرد کە حەزیان کرد سوجدە بردن ماوەکەی درێژ بێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10922